نرخی زێر لە بازاڕەکانی جیهان بەرزبوونەوە

نرخی زێڕ لە بازاڕەکانی جیهاندا بەرزبوونەوە،بەمەش هەر ئۆنسێک بە سێ هەزار و ٤٢٢ دۆلار مامەڵەی پێوەدەکرێت.

ئەمڕۆ چوارشەممە ، نرخی ئۆنسێک زێڕ بە سێ و هەزار و ٤٢٢ دۆلار مامەڵەی پێوەدەکرێت و بەراورد بە چەند ڕۆژی رابردوو نرخەکەی نزیکەی ٦٠ دۆلار بەرزبووەوە.

گۆڕانکاری لە نرخی زێڕ لەدوای ئەوە دێت، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە میانی جەبەجەکردنی پلانی سپاندنی باجی گومرگی بەسەر جیهاندا کە چەند وڵاتێکی گرتەوە، لە ناویاندا عێراق بەرۆژی ٣٠٪ باجی بەسەردا سەپێنرا، هەروەها بە ڕۆژی ٥٠٪ باجی گومرکی بەرزکردەوە لەسەر کانزای مسی هاوردەکراو بە ئەمریکا.